یونامی: نەتەوە یەکگرتووەکان بڕدەوام دەبێت لە پاپشتیکردنی عێراق لە خواستەکانی بڕەو سەروەری یاسا



نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) جەختی لە گرنگی دەنیابوون لەوەی چاکسازییە یاسایییەکان هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی عێراقدا کردووە، هاوکات ئاماژەی بووەدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕدەوام دەبێت لە پاپشتیکردنی عێراق لە خواستەکانی بڕەو دەوڵەتی یاسایی.

لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆاوکراوەتووە، تەیدا هاتووە، نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەدواداچوون بۆ دواین پێشهاتەکان دەکات سەبارەت بۆ پەسەندکردنی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی سالی 1959 لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، لەگەڵ ژمارەیەک یاسای گرنگی دیکەدا.

وتیشی: هەر بۆ ئەم مەبەستە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق جەخت لەسەر گرنگی دەنیابوون دەکاتەوە لەوەی چاکسازییە یاساییەکان لەگەڵ پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤی عێراقدا بگونجێت،بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بۆ پاراستنی ماف و خۆشگوزەرانی ژن و منداڵان، بەشێوەیەک کە لە ئاست و خواستەکانی گەلی عێراقدا بێت، و قازانج و دەستکەوتە مۆژوویییەکان بپارێزێت".

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە، "پەیوەندییەکی بەرفراوانمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی

عێراقدا کردووە، هێرشەکانی جێختمان لەسەر پێویستی ئەنجامدانی دیالۆگێکی بنیاتنەر و هەمەلایەنە کردووەتەوە لەوبارەیەوە.و بەردەوام دەبین لە هەوڵەکانمان لەم ئاراستەیەدا، نەتەوە یەکگرتووەکانیش پاڵپشتی خواستەکانی عێراق دەکات بۆ دەوڵەتی یاسا و ڕاگرتن لە مافەکانی مرۆڤ".